www.kurdistannet.org

# فیدراڵی بەشەرتی چەقۆ!

بەختیار شاخی
bshakhy@hotmail.com

هەرچەندە لە سەرەتاوە من پێموایە فیدراڵی بچوکترین داوایە کە کورد لەبەر خاتری چاوی جوانی عەرەبان و بۆ سەقامگیریی عێراق داوای دەکات، بەڵام گریمان هەر هەمووومان لەسەر ئەوە کۆک بین کە فیدراڵیمان دەوێ ئەوا ڕەنگە موبالەغەم نەکردبێ ئەگەر بڵێم ئێمەش هەر بەقەدەر ئیخوانونالعەرەب دەزانین کورد چ جۆرە فیدراڵیەتێکی گەرەکە، ڕەنگە ئەو قسەیەم لای هەندێک کەس سەیر بێت بەڵام ئەگەر وانییە بۆ تا ئێستا بەئاشکرا و بەدەنگێکی دلێرانە ناڵێین ئێمە فیدراڵیەتێکی ئەتنیمان دەوێ کە هەر بابایەک بەکوردی بدوێ خۆی لە ئامێزی ئەو حکومەتە فیدراڵیەدا ببینێتەوە کە پێیدەگوترێ هەرێمی فیدراڵی کوردستان و برایانی تورکمان و کلدان و ئاشووریش لە ئامێزی ئەو فیدراڵیەدا بەئاسوودەیی بژین. یان بڵێین لە هەر کوێیەک ئەو بابا کوردە لە کۆنەوە لێی ژیابێت ئەوە کوردستانە، باوەک دەشڵێن ئەوە بکەینە پێوانە کە لە کوێ ئیخوانونالعەرەب نەیانتوانی بەپێخواسی ڕێ بکەن ئەوێ سنور بێت! خۆ ئەگەر من هەڵەم و کورد هاواری کردووە کە ئەو جۆرە فیدراڵیەی دەوێ ئەی بۆچی ئەو ئیخوانانە کاتێ قسە بێتە سەر فیدراڵی مینگەمینگ دەکەن و خۆیان لە گێلی دەدەن. کورد دەڵێ ساڵی خۆش لە بەهارێ ڕا دیارە، برایم جەعفەری یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی هەرەوەزی حوکمی عێراق لە لێدوانێکدا گوتی: ڕاستە مەبدەئییەن فیدراڵیەتمان پەسند کردووە بەڵام ئەوە بۆ دەستور و ڕای عێراقیەکان بەجێ دێڵین کە فیدراڵیەتەکە چۆن دەبێ. واتە بەکەیفی ئێمە نییە کە چیمان دەوێ و دەبێ چاوەڕێی لوتف و کەرەمی عێراقییەکان بین کە چ جۆرە فیدراڵیەتێکمان پێ دەبەخشن. گەلۆ تۆ بڵێی ئێمە ٧٥ لەسەدی عێراق بین ئاوا بێ منەتانە چاوەڕێی کەمینایی عەرەب بین؟ خۆ ئەگەر وا نییە، کەواش نییە، ئەی چۆن دڵنیابین ئەوان بەدڵی ئێمە دەکەن و مرادمان حاسڵ دەکەن؟ نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەن بۆ پێمان ناڵێن چ جۆرە بەڵێنێکیان وەرگرتووە تا ئێمەش دڵنیابین و بەئاسوودەیی پاڵ بدەینەوە. کێ گرەنتی دەدا کە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی دوێنێ خواخوای بوو کورد سلاوێکی لێبکات سبەینێ ناگۆڕێ (کە هەر لە ئێستاشەوە تۆزێ کەوتۆتە مینگە مینگ). هەرچەندە گومان لە دڵسۆزی نوێنەرانی خۆمان ناکەم بەڵام نازانم هەر من وا هەست دەکەم یان هەمووتان کاتێ ڕۆژنامەکانی بەغدا دەبینن ئەو ترسەتان لێ دەنیشێ، ئاخر زۆر بەسەیری تۆمەتمان دەخەنە پاڵ و لە ئێستاوە کار لەسەر ڕای عێراقییەکان دەکەن کە خۆشیان بوێین! ڕۆژنامەکانی خۆشمان ماشەڵڵا هێشتا بۆیان ساغ نەبۆتەوە کە

www.kurdistannet.org

لەگەڵ ئێمە دەدوێن و هەر بۆ ئەوە چوونەتە بەغدا کە بەعەرەبی قسە بکەن یان کاریان ئەوەیە حەقیقەتی ئێمە بەخەڵکی خوار کوردستان بگەیەنن و جاروبارەش وەڵامی دڵڕەشانی ڕۆژنامەیەکی وەک (الیوم الاخر) بدەنەوە، کەچی خۆشیان لەوە نادەن وەک بڵێی نەیانەوێ تووشی «شەڕی موهاتەرات» بن و لێشی نازانن! من پێموایە زەحمەتە تاقیامەتیش عەرەب چاویان بەکورد هەڵبێ و هەمیشە خەون بەوەوە دەبینن بمان توێننەوە، ئاخر هەر لەو مانگەدا دە جار گوێم لەو ڕستەیە بووە کە عێراق بەشێکی جیانەکراوەی نیشتمانی عەرەبە، هەڵبەت ئەوە هەر عەمرو موسا و ئەحمەد ماهیر نین کە ئەوە کاوێژە دەکەنەوە بەڵکو هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنیش ئەو فەرمایشتە دەفەرموون.

بۆیە من پێموایە دەبێ ڕک و ڕاست بەهەموو دنیا ڕابگەیێنین کە دەبێ فیدراڵیەتەکە ئەتنی بێت و گوێی ئیخوانەکانیشمان بەوە دابێنین چونکە تا دارشتنی دەستوور و ڕاپرسی بۆ پەسند کردنی، عێراقییەکان دەرفەتیان هەیە بەواژە سیاسییەکان ئاشنا بن و زمانیان لە (بالروح بالدم) پاک بێتەوە. بەینی خۆشمان بێت جاروبار ئەمریکییەکان شتی خۆشمان بەگوێدا دەچرپێنن. ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) ڕۆژی ٨/١١ بابەتێکی بڵاو کردبۆوە و تیایدا هاتبوو: (سێ گۆشەی سوننەی عەرەب نشینی عێراق تا هەتایە کۆنترۆڵ ناکرێ، چونکە سوننەکانی ئەوێ ٣٥ ساڵ حوکمیان کرد و وا بەئاسانی خەونی دەسەڵات لە چاویان ناتۆرێ. شیعەکانیش ٣٥ ساڵە لەو کورسیە دەگەڕێن و کوردیش لەو ماوەیەدا هەر تێی سرەوێنراوە و ئێستا دەیەوێ ئاسودە بژی، کەواتە باشترین چارسەر ئەوەیە عێراق بکرێتە ٣ دەوڵەت، ئەگەر ئێمەش ناوێرین، با لە کورد و شیعە گەڕێین هەریەکە و بەڕێی خۆی لە بەڵای سوننەی عەرەب خۆ دەرباز کەن) بەهەر حاڵ جارێ کە قسە لەسەر فیدراڵیە و وروژاندنی ئەو قسانە مەیلەو بقەیە، هەرچەند نە قەت عەرەب هێندەی ئێستا زەلیل دەبن و نە ئێمەش هاوپەیمانێتی ئەمریکامان وەگیر دەکەوێتەوە، بەڵام مادەم قسە هەر لەسەر فیدراڵیەتە خۆزگە لە فیدراڵیەتەکەش تێگەیشتبایین بەر لەوەی چەقۆی دەستور و ڕاپرسی بیشکێنێ، چونکە ئەو کاتە خەسار دەبێ و گەر بەدڵیشمان نەبێ لێمان وەرناگرنەوە و گۆڕینی نییە، ئاخر ئەو فیدراڵیەتە بەشەرتی چەقۆی ئەوانە، سور بێت یان سپی، تاڵ بێت یان شیرین.